ئەم پیاوە شوێنی ئێمە کەوت، ئەگەر ویستت مۆڵەتی ڕوخسەتی پێبدە، وئەگەر ویستت دەگەڕێتەوە

لە ئەبی مەسعودی بەدریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وچوار کەسی دیکەی بۆ داوەتکردنێکی خواردن بانگکرد، پیاوێکی تریش شوێنیان کەوت، وکاتێک گەیشتە لای دەرگاکە، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەم پیاوە شوێنی ئێمە کەوت، ئەگەر ویستت ڕوخسەتی پێبدە (بۆئەوەی لە داوەتکردنەکە بەشدار بێت)، وئەگەر ویستت دەگەڕێتەوە»، (خاوەن داوەتکردنەکە) ووتی: بەڵێ ڕوخسەتی پێدەدەم ئەی پێغەمبەری خودا.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پیاوێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وێنج لە هاوەڵانی داوەتکرد بۆ خواردنێک، وپیاوێکی تر شوێنیان کەوت وبوون بە شەش کەس، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گەیشتە لای ماڵی ئەو کەسەی داوەتیانی کردبوو؛ ڕوخسەتی لەو کەسە وەرگرت کە میواندارییانی کرد، و-صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئەم پیاوە شوێنی ئێمە کەوت، ئەگەر ویستت ڕوخسەتی پێبدە -بۆئەوەی لە داوەتکردنەکە بەشدار بێت-، وئەگەر ویستت دەگەڕێتەوە)، ئەو کەسەی داوەتیانی کردبوو ڕوخسەتی پێدا وەکو ڕێزگرتنێک لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەوانەی لەگەڵیدا بوون.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4294